## زانكۆ سەردار

# گومان و ناپاكی تەواوی ژیانمانی تەنیوە



زانكۆ سەردار یەكێكە لەو گەنجە دیارو بەرچاوانەی لەهەردوو بواری شیعرو رۆژنامەوانیدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە پێكردنە زانكۆ سەردار زیاتر لە بواری رۆژنامەوانیدا كاردەكات و لەچەندین رۆژنامەدا بابەت و راپۆرتی بەپێز بڵاو دەكاتەوە بۆیە بە پێویستمانزانی لەو روانگەیەوە ئەم چاوپێكەوتنەی لەگەڵدا بكەین.

پرسیار: دەكرێ وەك رۆژنامەنووسێك چاو لەراستیەكان دابخەیت، یان راستەوخۆ بیكەیتە بابەتێك و بیوروژێنیت، یان لە كاتی دركاندنی راستیەكان بۆ رۆژنامەنووسان روبەڕووی دادگە دەكرێنەوە؟.

وەڵام/ دیارە ئەم پرسیارە دوو جۆر وەڵام هەڵدەگرێ یەك وەك ئەوەی كە ئایا وەك رۆژنامەنووس چاوی لێدابخەین. ئەمە بۆخۆی جۆرێكە لە خۆهەڵخەڵەتاندن، چونكە من پێم وایە رۆژنامەنووس دەبێت بە مانای كەلیمە ئەو كەسە جەریئە بێت كە ژیانی رۆژانە بە جوانی و ناشیرینەكەیەوە بنووسێتەوەو هەمیشەش خاوەنی كارەكەی بێت. دواجار سەلیقەی خۆی و كارەكەی لەدەست نەدات، من هەمیشە گوتومە لەسەری شەقامێكەوە كە ڕەت دەبیت تا كۆتایی شەقامەكە دەیان بابەتگەل بوونیان هەیە گەر مرۆڤی بە سەلیقە مەبەستی بێت قسەی لەسەر بكات بۆیە دەڵێم زۆر پێویستە هەموو ئەو شتانەی كە ڕوو دەدەن بیوروژێنین. ئەمە لە لایەك، دووەم: رۆژنامەنوس چاوەڕێی روبەروبوونەوەی دادگەبێت. دیارە ئەمە نیشانەی ئەو فول دیموكراسییەیە كە دەسەڵاتداران یان پیاوانی ئیفلاس سەقافیمان باسی دەكەن. من قسەم لەسەر تەشهیرو ناوزڕاندن نییە كە ئەمە بۆخۆی قسەگەلێكی تر هەلدەگرێ. ئەگەرنا تۆ لەسەر نووسینێك یان راپۆرتێك یان هەركارێكی دیكەی رۆژنامەنووسی دەستگیر بكرێی ئەمە من ناوی دەنێم رۆژنامەكوژی، دووپاتی دەكەمەوە رۆژنامەنووس دەبێت ئەو كەسە بێت كە ڕێز لەخۆی و پیشەكەی بگرێت، وە هەرگیز لە ئاست راستەكاندا ملكەچ نەبێت، چونكە مێژوو شەرم لە هیچ كەس ناكات.

پرسیار: باسی مێژووت كرد، بەڵام كەسانێك هەن بەبێ ئەوەی كار لەسەر داهاتووبكەن، دەبنە جاسوس نەك رۆژنامەنووس، بۆ ئەمەیان پەیامت چیە؟.[

وەڵام/ پێم وانیە بتوانین لەم سەرپێیەدا ئەو قسەیەی لەسەر بكەین كە خۆمان مەبەستمانە، بەڵام ئەوەی كە پێویستە بگۆترێ ئەوەیە لە نێوان جاسوس و رۆژنامەنووسدا تاڵە مویەك مابەینە، جائەوەی كەشیری پاك بێت و بەمانای كەلیمە تۆزێك ئینسانیەتی تێدابێت ناهێڵێت ئەو تاڵە مووە بپچڕێ. هەموومان چاك ئەو هەقیقەتە دەزانین كە گومان و ناپاكی تەواوی ژیانمانی تەنیوە. من لە ئێستادا هەرگیز لام حەجیب و غەریب نییە كە نەك رۆژنامەنووسێك بەڵكە هەركەسێكی دیكەش جاسوسی بكات. ئەوەتا لە رۆژنامەكاندا بڵاوبووەوە كە بە حساب چەندین پیاوماقوڵ و پێشمەرگەی قارەمان و دەیان و سەدان ناوی دیار كە لافی داستانیان بەسەرەوە لێدەداین بوونە خاوەن مەلەف و دەركەوت كە سیخوڕبوونە. بۆ كێش بۆ بۆگەنترین ئینسان كە سەدام و حزبەكەی بوون. ئاخر من دەڵێم قسە زۆر لەوەزیاترە كە ئێمە لیرەدا بەدوو وشە بیبڕێنینەوە، بەڵام ئەوەشمان بیرنەچێ هەرگیز پیاوی بوێرو پاك. هەرگیز پیاوی دڵسۆزو لەنیو دەیەها ناوی بۆگەندا ون نابێ. جا رۆژنامەنووسیش بەهەمان شێوە. دوای ئەوە لە ئێستادا پێم وانیە جاسوسی و سیخوڕی كارێكی هێندە گرنگ بێت، لەبەر ئەوەی خەڵكەكەی ئێستات تائاستێك واقعین لەبەرانبەر ئەوشتەی كە دەیانەوێ. وە ئازادیەكیش بوونی هەیە گەرچی كەم بێت یان زۆر مرۆڤی جەریئدەتوانێ خۆی خۆی بێت. لە بری ئەوەی كەسێكی دی ئەو بێت.

**ئا: رۆژگار**

---




جەبار سابیر

## وتارەكەی سەرۆك

لەم ماوەیەی پێشوودا سەرۆك میدیای هەردوو حزبی گەورەی كۆكردەوەو قسەی بۆ كردن، من پێموابوو سەرۆك لەخزمەتی دیموكراسی و كرانەوەدا دێتە گۆ، من گوێم گرت، وتم بابزانم چی دەڵێ، سەرۆك لەنووسینی رۆژنامەكان زۆر تووڕەبوو، بەتایبەت ئەو رۆژنامانەی حزبی نین و بە رۆژنامەنووسەكانی یەكێتی و پارتی دەوت ڕێگەمەدەن خەڵك، واتا رۆژنامەنووسانی دەرەوەی یەكێتی و پارتی و ئەوانەی لە رۆژنامە ئازادەكاندا دەنووسن موزایەدەتان بەسەرەوە بكەن و قسە بە یەكێتی و پارتی حكومەتی یەكگرتوو بڵێن. (ئەو حكومەتەی شەوی دوو كاتژمێر كارەبا بۆ خەڵك دابین دەكات و لەو دوو كاژێرەشدا شەش جاری دەبڕێ). سەرۆك دەزانێ كە خەڵك لەوزەیدا نەماوە تەحەمولی خوارو خێچی و بێدەربەستییەكان بكات، بۆیە دەیەوێ بەفشاری حكومەت وا لە رۆژنامەنووسان بكرێ كە زاتی ئەوەنەكەن رەخنە لە حزب و حكومەت بگرن. دەبوو سەرۆك زۆر كراوەترو دیموكراسییانەتر لەمەسەلەكان بدوایەو بیوتایە ئێوە خۆتان رەخنە لە حكومەت و حزب و بەرپرسەكانی بگرن و كەموكوڕییەكان نیشاندەن بۆئەوەی بوار بۆ ئەوانی تر نەمێنێتەوە رەخنەمان لێبگرن، بەڵام سەرۆك واینەكردو سووكە هەڕەشەیشی كرد.! لەوانەیە سیاسەت گۆڕا بێت، جاران بە ئاراستەی سڕینەوەی یەكتر كار دەكراو ئێستاش بەئاراستەی سڕینەوە خەڵكیتر. ئێمەو مانانی رۆژنامەنووس شێت و هارنەبووین لە خۆڕاوە رەخنە لە حكومەت دەگرین، بەڵكو ئەوە حكومەتە لێناگەڕێ ئێمە پشووبەین و بەردەوام بە خزمەت نەكردنی خەڵكی وامان لێدەكەن بنووسین و لێفە لەسەر هەتیوان هەڵدەینەوە. دەبوو سەرۆك زۆر لوتفی لەهەمبەر ئێمەومانان بنواندایە، چونكە ئێمە هەمیشە دەڵێین سەرووی دەستەڵات رووتن، بەڵام دارودەستەكەی خۆیان هەمیشە هاوار دەكەن و دەڵێن: ئەو بەرگە جوانە چییە لەبەرتان و لە كوێتان كڕیوە.!

ئەم وتارەی سەرۆك دوای ئەو تەنگاوكردنە دێت كە هەر دوو رۆژنامەی ئاوێنەو هاوڵاتی ناوی چەندین كەسیان ئاشكراكردووە كە تانهۆش پلەو پایەی باڵایان هەیەو سیخوڕییان بۆ حكومەتی بەعس كردووە (وەی كە عەیبە). سەرۆك پێیناخۆشە كە چەندین ساڵە ئەو كەسانە كە وەك خزمەتكاری ئەم میللەتەو بەناوی ئەوەی چەندین ساڵە لەشاخ خەبات دەكەن ناسرابوون، كەچی ئێستاش دەركەوتووە كە هەندێكیان سیخوڕ بوون، بۆیە ئاوها دەیەوێ ئازادی دەمكوت بكرێ. بۆ ئەوكاتەی لەسەر گومرگی ئیبراهیم خەلیل هەزاران كەس بەكوشتدراو بە ملیار پارەو پولی ئەم خەڵكە بەگوللە درا كەس نەیدەوێرا لە رۆژنامەیەكدا قسەیەكیان پێبڵێت و رەخنەیەكیان لێبگرێت، بەڵام ئیتر وڵات بۆ ئەو سەردەمە ناگەڕێتەوە .

jabardllopa@yayoo.com

---

# بڵاوكراوەی نوێ




*باویلكە كۆمەڵە شعریكی منالانە لەنوسینی جەبار سابیر... باویلكە ژمارەیەكی زۆر شعری لە خۆ گرتووەو لەم ماوەیەدا كەوتە كتێبخانەكانەوە.




*سیناریۆی گەردەلول لە نووسینی میرانی عەباسە فەنی كەوتە كتێبخانەكانەوە بۆ دەستخستنی ئەم كتێبانە سەردانی كتێبخانەی هاوڵاتی بكەن.

---

# مۆبایل قژت دەوەرێنێ و قەڵەوو نەزۆكت دەكات



لیكۆڵەرەوان دەڵێن: ئەوانەی بەردەوام تەلەفۆنی مۆبایل بە كاردەهێنن، بەتایبەت ئەوانەی خوی بەردەوامیان پێوەگرتووە، سەرەنجام قژیان هەڵدەوەرێ، قەڵەو دەبن و دووچاری نەزۆكی دێن.

بە گوێرەی پێگەی ئینتەرنێتی ئەلرایە، ئەوانەی سێ ساڵ بەردەوام بەو شێوەیە مۆبایل بەكار دەهێنن دووچاری گرفتی چالاكیەكانی هۆرمۆنی مێشك و سێكس دەبنەوە، هەروەها گوشاری خوێن، نەخۆشی شەكرەو كەمتوانایی سێكسی زیاتر لەو كەسانەوە پەیدا دەبێ كە ناشارەزایانە تەلەفۆنی مۆبایل بەكار دەهێنن.

تاقیكردنەوەكان نیشانیان داوە ئەوانەی رۆژانە یەك سەعات بێ پسانەوە لە مۆبایلەوە قسە دەكەن دووچاری گرفت لە هۆرمۆنی ئەستروژنو بروژسترون دەبنەوە.

---

# جیهازی درۆدەرخستن دەدۆزرێتەوە



پرۆفیسۆر(یانگ ون جیون)ی تەمەن ٧٥ ساڵە كە بلیمەتێكی بواری پزیشكی دەروونی وڵاتی چینە لەدوایین داهێنانەكانی خۆیدا ئامێرێكی بۆ درۆدەرخستن داهێناوە كە بە هێزی پاڵنەری كارەبایی كاردەكات و بەشوێنە هەستەوەرەكانی مرۆڤ دەبەسترێتەوەو دەتوانێ درۆكانی مرۆڤ دەربخات. ئەم ئامێرە ناوی ERP یەو پێشكەوتووترین ئامێری جیهانەو جیاوازی زۆری لەگەڵ ئامێری Polygraph هەیە كە جاران بۆ دەرخستنی راستی و درۆ سوودی لێوەردەگیرا.

شیاوی باسە ناوبراو ماوەی ١٦ ساڵە بەردەوام لەگەڵ تیپێكی شارەزا بەمەبەستی دۆزینەوەی ئامێرێكی لەو بابەتە كاردەكات، لە دوو ساڵی رابردوودا چەندین ئەزموونكاری لەسەر ئەم ئامێرە كردووە كە هەموویان سەد لە سەد راست دەرچوونە، بۆیە دەكرێ بە زیرەكترین ئامێری ئاشكراكردنی درۆ ناوبنرێ، ئەمەش ئاسانكاری لە ئاشكراكردنی تۆمەتبارو تاوانبارەكاندا دەكات.

راگەیاندنی ئافراندنی ئەو ئامێرە ترس و دڵەڕاوكێی لە دڵی درۆزنان چاندووە، ئیتر دادگەكانی جیهان لەرێگەی ئەو ئامێرەوە دەتوانن بە باشترین شێوە تاوانەكان ئاشكرا بكەن .

---

# خاڵۆ ئەواكس دەڵێ



* ئۆتۆمۆبیلێكی ڤۆلگا رەنگی سپی ژمارە (......)ناوەخۆ، لە دوای دەوامی رەسمی كار بۆ هۆتێلە ئەهلییەكان دەكات، نازانم بۆچی پۆلیس رایناگرن و لێی ناپرسن: كاكی شوفێر بەم دوای دەوامە بۆ كێ كار دەكەی ؟!

* كەسێك دەیگوت: ژمارەیەك قوتابی پۆلی چوارەمی ئامادەیی دەناسم كە تەمەنیان ناگاتە ١٨ ساڵان، لە سەر میلاكی پۆلیس ناونووس كراون، دەوام ناكەن و مانگانەش لە پێش هەموانەوە هەریەكەیان مووچەی 330. هەزار دینار وەردەگرن، دەڵێن خزمی شێخێكی دەستڕۆیشتوون!!

* مامۆستایەك دەیگوت: كەسێك دەناسم ساڵ و نیوێكە وەك مامۆستا دامەزراوە، بەڵام ٨ ساڵ جاشایەتیەكەی بۆ هاتۆتەوەو خراوەتەسەر خزمەتی مامۆستایەتی!، سەر بەحزبێكە بۆیە پلەی جێگری بەڕێوەبەریشی بە نسیب بووە. ئەو دەیگوت: لەهەمان قوتابخانەدا كەسێكی دیكە ٥ ساڵ لەسەر دزی زیندانی خواردووە، ٢ ساڵ خزمەتی مامۆستایەتی هەیە، بەڵام چونكە سەر بە حزبە ئیدی ئەویش پلەی جێگری بەڕیوەبەی پێبەخشراوە!!

* مامۆستایەكی زانكۆ دەیگوت: ١٢ قوتابی لە وانەی من دەرنەچووبوون، ٥ لەوان زۆر تەمبەڵ بوون، بەرپرسی لق و مەسئولە گەورەكان تەلەفۆنیان بۆ كردم و ناچاریان كردم ئەو ٥ تەمبەڵە دەربچووێنم، منیش لە داخانا هەموو قوتابییەكانی دیكەم دەرچوواند، چونكە ویژدانم رێگەی پێنەدام ئەو تەمبەڵانە دەربچن و ئەوانەی لەوانیش باشترن بمێننەوە !!

* دەڵێن: ژنی بەرپرسێك ئەڤلۆنی هەیە، داوای مۆنیكای ٢٠٠٦ی كردبوو، بە مێردەكەی گوتبوو: ئەگەر تا هەفتەیەكی دیكە بۆم نەكرێ، لێت جیادەبمەوە، ئەو دڵی نەشكاندو مۆنیكایەكی ٢٠٠٦ی لە كۆمپانیا بۆ دەرهێنا.

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونكەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. ٠٧٣٠١١١٣٠٦١

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیكترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com